عەبدوڵڵا سەمەدی

# سەفەری

ئەوە توانیم لەم پایزەشدا، شەوێك لە دوایین شەوەکانی سەرماوەز بگرم و لەگەڵ دڵی خۆم و «بیرەوەرییەکانی داهاتووم»، لە گۆشەیەکی ئەم شەوە درێژەدا، خەڵوەت بکەم.

شەوانی پایز ڕابردن و من بێتۆ بووم. چبکەم؟ وەدوای خەیاڵم نەکەوتی. قیژە و هەڵڵای ڕۆژگار خەیاڵی دەتاراندم و لە شەققەی باڵت دەدا. بەڵام دڵنیا بووم و ئومێدەوار. دەمزانی شەوێك، لە بێدەنگیدا دێیەوە و لە سەر گوێسوانەی دڵم هەڵدەکورمێی، ئارام دەگری و سەر وە بنباڵی خەفەت دەدەی و لێت ڕادەمێنم، و لە تۆڵەی شەوانی بێتۆیی، چاوت لێناترووکێنم.

تۆ، چاوەڕێی تەمی کوێستانەکان بووی، کە لێكهاڵێن، سواری یەك بن. داگەڕێن و تاشە بەردەکانی لووتکە و، شۆڕەبییەکەی داوێن و، کانییەکەی پێدەشت بدەنە ژێر. سەربان و بندیوار و بەرپەنجەرەم لێ بتەنن. جا، کە لە پشت شووشە کرووشم هەڵاتم و سەرم بە ڕێسمەوە نا، و لە تەڵخایی و تارمایییەکانی سەر لووتکە تەمەکان ڕامام، بێی.. . بێی و بە هاتنت ژینم بکەیە خەون و خەونەکانم وەدی بێنی.

ئەمشەو هاتووی، لەو دیو پەنجەرە لێم نیشتووی. پەردەی تۆڕم هەڵواسیوە. هەست بە هاتنت دەکەم، ئەگەرچی نەدیوی. دادەنیشم و پایزان دەبوێرم تاکوو لێم دێیە ژوور..

پێدەکەنم، تۆ وادەزانی دەگریم. دێی و لە سەر شانم دەنیشی. بیرەوەرییەکانم ئاڵۆز دەبن و لێکدەهاڵێن، دەمەیێن و هێلانەیەکی لۆکەت بە دەوری سەرمەوە بۆ ساز دەکەن. هەنگاو دەنێی، دەخزێیە ناوی، و لە تەمی بیرەوەرییەکانی مندا دەتوێیەوە و بە شانەکانمدا دەتکێیەوە. بە لاجانگ و چیلکە و مژۆڵەکانمەوە چلوورە دەبەستی، لە ئامێزی یەکدا دەبینە یەك.

ئەمشەو هاتووی.. بەڵام سەفەرییت.. سەودای هەڵفڕینت لە سەرە. بڕۆ..

بەڵام ئەو شەوە کە لێم وەژوور کەوی، دوور نییە.